# تیرۆری شاراوە !!

## خوێندنەوەیەك بۆ مەترسی بڵاوبوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان لەکوردستان

هەڤاڵ نەژاد

***مادەهۆشبەرەکان چین**

مادەهۆشبەرەکان بریتین لەو مادانەی کەکار لەبێداری مرۆڤ دەکات و وای لێدەکات ئاگایی خۆی لەدەست بدات و بکەویتەوە دنیایەکی خەیالاوی و بێهۆشی لەکاتی بەکارهێنانیدا.مادە هۆشبەرەکانیش زۆرن و هەریەکەو تایبەتمەندی خۆی هەیە لەرووی وزەی بیهۆشکەرو چۆنیەتی بەکارهینانی, وە مادە هۆشبەرەکانیش بەپێی قورس و سوك پۆلێن دەکرێ, سوکەکان وەك خواردنەوە کهولیەکان وهەندێ شروبی پزیشکی و هەندێ مادەی تر, قورسەکانیش بریتین لە تریاك و هێرۆین و کۆکاین و کراك و حەشیش و هەندێ جۆرە حەبی تایبەت و لەنێویشیاندا کراك وهیرۆیین قورسترینیانەو تریاك و حەشیش زۆرترین بەکارهینەرانیان هەیە.لەرووی پزیشکی و بەکارهینانەوە مادە قورسەکان مەترسیدارترە لە مادە سوکەکان و والەمرۆڤ دەکەن بیهۆش بێت و برسی وتونی بیت و لەشی سڕ بێت وهەست بەئازار نەکات وبکەویتە دونیایەکی خەیالاوی,دوای ماوەیەکیش لەبەردەوامی بەکارهینان دەبیتە هۆی بیهیز بوون و تیکچونی ئاستی بیرکەوتنەوەو داخورانی ئیسکی لەش, لەهەمووشی مەترسیدارتر ئەومادانە مرۆڤ ئالودەدەکەن بەبەکارهینانی و تەرك کردنیشی تارادەیەکی زۆر زەحمەت دەبێ. هەربەوهۆیەوە بەکارهینان و بازرگانی پیوەکردنی لەزۆربەی ولاتانی جیهان قەدەغەکراوەو سزای قورس دانراوە بۆ بەکارهینەران و بازرگانەکانی, تەنها لەولاتی هۆلەندا نەبێت کەتارادەیەك بەکارهینانی ڕیگەپیدراوەو ئەمیش بەپێی یاسایەکی تایبەت کەخۆی چۆنیەتی بەکارهینان و بازرگانی پێوەکردنی دیاریکردووەو ئەتوانین بڵێین تاکە ولاتی جیهان و ئەوروپایە لەو ڕووەوەو کۆمەڵیك ڕێ و شوێنی تایبەتی بۆدانـاوەو کۆمەڵێك دەزگای پزیشکی و چاکسازی بۆئەو مەبەستە تەرخان کردوە . لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەفغانستان و ئێران بەرهەمهینەرو بەکاربەری سەرەکی و بلاوکەرەوەی سەرەکی ئەومادانەن لەجیهاندا, سالانە لەئێران 200 تەن لەمادە بیهۆشکەرەکان بەکاردەبرێ و هاوشانی ئەفغانستان شوینی سەرەکی بلاوبونەوەی ئەو مادانەیە بەجیهاندا کەئەمرۆکە بۆتە کیشەیەکی گەورەی جیهان و زۆریك لەولاتان گیرۆدەبوون پیوەیی و بۆتە هۆکاری جۆرەها

لادان و کیشەی کۆمەلایەتی وتەندروستی و بەهۆی ئەمەشەوە رۆژی 6\26 هەموو ساڵێك کراوە بەرۆژی قەلاچۆکردنی مادەبیهۆشکەرەکان لەجیهاندا.

* سەرەتاو چۆنیەتی هاتنی بۆ کوردستان

بەشیوەیەکی گشتی عیراق تاسالانی پێش دووهەزار یەکێ بوو لە ولاتە پاکەکان لەرووی بەکارهێنانی مادەبیهۆشکەرەکان و سزای زۆر قورسی دانابوو بۆبەکارهینەرو بازرگانەکانی وکوردستانیش بەهەمان شیوە پاك بوو لەو رووەوە, سەرەتای هاتنی ئەومادانە بۆ کوردستانیش دەگەریتەوە بۆ دوای ئاوارەبونی بەشیك لەمیللەتی کورد بۆ ئیران و ئاشنابونیان بەو مادانەو فیربونی چۆنیەتی بەکارهینانی و دواتر هاتنەوەیان بۆکوردستان و کۆچکردنی لاوان لەسالانی نەوەدەکان بۆئیران بەمەبەستی کارکردن و دواتر فیربوونی بەکارهینانی ئەو مادانە لەوێ و دواتر گەرانەوەیان بۆکوردستان, لەکاتی ئەمرۆشدا بەهۆی هەندێ بازرگانی کوردی رۆژهەلات و هاتنی قوتابیانی رۆژهەلات بەمەبەستی خویندن لەزانکۆکانی کوردستان ئەم مادانە دێنە کوردستان و بلاو دەبنەوە, بەپێی ئاماریکی بەریوەبەرایەتی نەهیشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان ئیستا لەکوردسان نزیکەی هەزار بەکاربەری مادە هۆشبەرەکان هەیە کەزۆربەیان لە سۆران و کۆمەلگای تەناهی و سلێمانی وخورماڵن, کەهەموویان نزیکی سنوری کۆماری ئیسلامی ئیرانن, لەکاتیکدا لەوانەیە ژمارەی بەکاربەرەکان زۆرتربێ لەوەی ئەو بەریوەبەرایەتیە دیاریکردووە, لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیان هەرچەند بێت زەنگیکی خەتەرناکە بۆ حکومەت و کۆمەلگەو ئەگەری تەشەنەکردنی زۆرە چونکە سروشتی بەکاربردنی ئەومادانە وایە کەزوو بەکۆمەلگادا بلاودەبنەوەو زۆرترین تویژیش کەبەکاری دەهینن گەنجانن کەبێگومان لەناو ئەم تویژەدا بەهۆی کەمی هۆشیاری لەمەڕ ئەومادانەو بێکاری و کیشەی کۆمەڵایەتی و هاورێیەتی یەوە خیراتر بڵاودەبیتەوە لەچاو توێژەکانی تری کۆمەلگادا.

***سەرچاوەی هاتنی بۆ کوردستان

بێگومان سەرچاوەی سەرەکی هاتنی ئەو مادانە بۆکوردستان لەکاتی پێشترو ئەمرۆشدا کۆماری ئیسلامی ئێرانە ئەویش بەهۆی هاوسنووری و شوێنی ستراتیژی کوردستان کەوەك ریگایەك وایە بەتایبەت بەسەر تورکیاوەو خاڵیکی گرنگتریش لەوبارەیەوە, بلاوکردنەوەی ئەو مادانەیە لەرووی سیاسیەوە کەکۆماری ئیسلامی ئیران بەشیوەیەکی سیستەماتیزەو بەپلانێکی هەواڵگری ئەو مادانە داخیلی باشوری کوردستان دەکات و ئەمەش خاڵیکی ئاشکرایەو تەنانەت پێش یەك دووساڵ لەکاتی کۆبوونەوەیەکی

بەرپرسانی کوردستان‌و ئێران, بەرپرسانی ئێران ڕاستەوخۆ بەشاندی کوردستانیان وتبوو هەتا ئێوە مەشروب‌و (پژاك)مان بۆ بنێرن, ئیمەش (ئەنسار)و تریاك تان بۆدەنێرین, کەئەم قسانەم پێش یەك دووساڵ لە ڕۆژنامەی ئاوێنە لەزاری یەکێك لەبەشداربووانی کۆبوونەوەکە خوێندەوە. دیارە ئەو سیاسەتەی ئێران هەربۆ باشووری کوردسان بەتەنها نیەو بەلکو لەڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دەمێکە پەیرەو کراوەو سەرکەوتنی باشیشی بەدەست هێناوەو حکومەت خۆی بڵاوی دەکاتەوەو فرۆشیارەکانی زۆر بەئاشکرا دەیفرۆشن‌و بڵاوی دەکەنەوەو ئەتوانین بڵێین نزیکەی نیوەی لاوانی ئەوبەشەی کوردسان گیرۆدەی بوون‌و موعتاد بوون بەبەکارهێنانیەوەو جۆرەها کێشەی کۆمەلایەتی گەورەی لیکەوتۆتەوەو بەهۆیەوە سەدان خیزان توشی هەڵوەشان بوون. ئامانجی ئەم کارەی ئیرانیش تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەلگەی کوردی ڕۆژهەڵاتەو بەشیوەیەکی تایبەتی موعتاد کردنی گەنجانەو کوشتنی هەستی نەتەوەییانەو دوورخستنەوەیانە لەحیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان‌و تەنانەت ئەو کەسانەی جێی مەترسی بوون بۆیان هەوڵیانداوە بەهەرشێوەیەك بێت موعتادیان بکەن و تارادەیەکیش سەرکەوتووبوون لەو کارەیاندا. ئیستاش ئێران دەیەوێ هەمان مۆدیل بگوازیتەوە بۆ باشووری کوردستان لەریگەی چەند بازرگانێکی کوردی ڕۆژهەڵاتەوەو بەشیوەیەکی پلان بۆداریژراو کەمەترسیەکی مەزنەو تیرۆرێکی شاراوەی کۆمەلگای کوردی‌و بەتایبەت تویژی لاوانەو بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە بیهۆشکەرەکان خۆی ئەمەی راگەیاندوەو مەترسیەکانی بەحکومەت گەیاندووە, لەلایەکی تریشەوە بەپێی هەمان بەریوەبەرایەتی ئیستا جگەلە سنورەکانی کوردستان لەگەڵ ئیران, لەباشوری عیراقیشەوە هەوڵ دەدرێ بهێنریتە کوردستان‌و ساڵی رابردوودا لەسلێمانی13 کیلۆ حەشیشە گیراوە کەلە ناوەراست‌و باشووری عیراقەوە هاتووەو بیگومان سەرچاوەی ئەویش هەر ئیرانەو جگەلەوەش دەیانەوێ کوردستان وەك رێگایەك بەکار بهێنن بۆگەیاندنی ئەو مادانە بۆ تورکیاو لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا 5 کیلۆ هێرۆین گیراوە کە بەڕێگاوەبووە بۆتورکیا. بڵاوبوونەوەی ئەم ئامارانە لەکاتیکدایە کەلەوانەیە لەوەش زیاتر هاتبێتە کوردستان‌و ئاشکرا نەبووبێت.

* ئەنجام‌و چارەسەر

تیرۆر تەنها بریتی نیە لە کوشتن‌و تۆقاندن‌و خۆتەقاندنەوە, بەلکو هەرهەرەشەو مەترسیەك وکاریگەریەکی نێگەتیڤ لەسەر ژیانی ئاسایی‌وسروشتی هەرتاکیك لەکۆمەلگا ئەوا بەهەمان شێوە تیرۆرە, بەو پێ یە ئەتوانین بڵێین مادەهۆشبەرەکان کە کار لە بێداری مرۆڤ

دەکەن و دواجار موعتادی دەکەن و بەشیوەیەکی زۆر خراپ کاریگەری دروست دەکەن لەسەر ژیانی تەندروستی و ئابوری و کۆمەلایەتی کەسی بەکارهینەرو لەهەمولایەکەوە دەیروخێنێ ئەوا بیگومان تیرۆرە, نەگبەتی ئەو تیرۆرەش لەوەدایە کەکەسی بەکاربەری ئەو مادانە دوای ماوەیەك لەبەکارهێنان موعتاد( ئالودە) دەبێت و زۆربەزەحمەت دەتوانێت تەرکی بکات چونکە تێکەڵ بەخوێنی دەبێت و ئەگەر لەماوەی دیاریکراوی خۆی بەکاری نەهێنێ هیچ دوورنیە بمرێ( بیکوژێ), بۆیە کەسی موعتاد هەموو سەروەت ودارایی خۆی لەو پێناوەدا دادەنێت و تەنانەت دواتر ئەوەندە لاوازو سستی دەکات کەناتوانێت کاربکات بۆ دابین کردنی بژێوی خۆی, جگەلەوەش دواتر کەسی موعتاد ئامادەیە لەبەرامبەر دەستکەوتنی چەند گرامێك لەو مادەیە بۆبەکارهێنانی جۆرەها کاری ناشرین ئەنجام بدات و دزی بکات و تەنانەت ئەوەندە خراپە کەزۆر جار کەسی موعتاد ئامادەیە کەناموسی خۆی بفرۆشێ لەپێناو دەست هێنانی چەند گرامێك لەومادەیەو نمونەی لەو بابەتەش زۆر بەداخەوە لەرۆژهەلاتی کوردستان رووی داوە. لەلایەکی تریشەوە کەسی موعتاد توانای سێکسی سروشتی خۆی تارادەی نەمان لاواز دەبێت و ئەوانەی خێزانیان هەیە زۆر جار خێزانەکانیان توشی لادانی کۆمەڵایەتی دەبن, بەمەش دیاردەیەکی زۆر خراپ بەنێو کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتەوەو دەبێتە هۆی ئەوەی شیرازەی خێزان تێك بچێت, جگەلەوەش کەسی موعتاد دوای ماوەیەك لەموعتاد بوون ئەوەندە لاوازو سست دەبێت کە ناتوانێ بەشێوەیەکی باش بەسەر جولەی لەشی خۆیدا زاڵ بێت, بەمەش کەسی موعتاد لەکاتی قسەکردن و پیادەرۆشتن زۆر بەئاسانی دەناسرێتەوەو بەهۆی ئەوەشەوە کەسی موعتاد هەرچی رێزی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە لەدەستی دەدات و لەلایەن کۆمەڵگاوە بەچاوێکی زۆر سووك سەیر دەکرێ. دواهەمین شتیش ئەوەیە ئەگەر کەسی موعتاد تەرکی بەکارهێنانی ئەومادانە نەکات و خوێنی لەشی نەگۆرێ هەرچەندە ئەم کارە قورسەو برەپارەیەکی زۆری تێدەچێ ئەوا ریژەی موعتادییەکەی رۆژ بەرۆژ زیاد دەکات, چونکە لەئەنجامی بەردەوامی بەکارهێنان لەشی بەکاربەر سست دەبێت و پێویستی بەرێژەی زۆرتری مادەکە دەبێت وبەمەش لەشیان رۆژ بەرۆژ لەداخوران بەردەوام دەبێت و سەرەنجام دەیکوژێ.

دوای ئەم هەموو خراپییەی لەبارەی مادە هۆشبەرەکان باسمان کردو ئەو هەموو کاریگەریە نێگەتیڤانەی کەبەسەر ژیانی تاکەکان و دواجار بەسەر کۆی کۆمەڵگاوە هەیەتی و بەواتایەکی تر ئەو تیرۆرە شاراوەیەی کەکۆمەڵگا لە چەقەوە هەڵئەوەشێنێ و بەرەو دارمانی دەبات و ئاسۆی ترسناکی لێ چاوەروان دەکرێ . پێویستە هەموومان وەك تاك و دواجار کۆمەڵگاو حکومەت هۆشیارتر بین لەئاست ئەو تیرۆرەدا کەسەرەتاکانی دەرکەوتووەو ئەگەر وریانەبین و چارەسەری نەکەین, ئەو هەزار کەسەی کەئیستا ئەومادانە

بەكار دەهێنن لەوانەیە دوای چەند ساڵێك ببنە چەندین هەزاركەس, چونكە سروشتی بەكارهێنەری ئەومادانە وایە حەزناكات بەتەنیا بەكاری بهێنێت و هەوڵ دەدات هەمیشە لەگەڵ برادەرەكانی بەكاری بهێنێت و لەوەشدا سەركەوتوو دەبێت, ئەگەرنا چۆن ئاوا بەخێرایی بەنێو كۆمەلگادا بلاودەبێتەوە. بەبڕوای من مادە بێهۆشكەرەكان زۆر مەترسیدار ترو كارەساتبارترن لەكردەوەی تیرۆریستی و خۆتەقاندنەوە, چونكە كردەوەی تیرۆریستی لەوانەیە ئەگەر زۆر بەهێز بێت سەدان كەس بكوژێ و یەكجارەو دەتوانرێت بنبڕ بكرێت بەلام مادە هۆشبەرەكان ئەگەر بلاوببنەوە, نەك بەسەدان بەڵكو كۆمەڵگەیەك كاول و وێران دەكەن و دواجار چارەسەر كردنیشی زور ئەستەم دەبێت. بەواتایەكی تر كیلۆیەك (تی ئێن تی) رەنگە چەند خانەوادەیەك كۆستبار بكات و یەكجار كۆتایی دێت, بەلام كیلۆیەك تریاك سەدان گەنج بەدبەخت دەكات و دواتر سەدان خانەوادە گیرۆدەدەكات بۆهەمیشە, جگەلەوەی ئەو سەدان گەنجە لەوانەیە سەدان گەنجی تر فێربكەن بەمەش دواجار كۆی كۆمەڵگە گیرۆدەبكەن و كۆمەڵگەیەك توشی كارەسات بكەن . بۆیە ئەوەی پێویستە لەسەر هەموومان و دواتریش لەسەر حكومەت ئەوەیە كەبەوپەری توانامانەوە پێش بگرین لەبلاو بوونەوەی زیاتری مادە هۆشبەرەكان و چارەسەر كردنی ئەوانەی كەموعتادن و كردنەوەی دەزگای پزیشكی بۆگۆرینی خوێنیان و چارەسەركردنیان و كردنەوەی دەزگای چاكسازی بۆیان. كەڕەنگە ئەمانە پارەیەكی زۆری تیبچێ و گرانبێ لەسەر شانی حكومەت و كۆمەڵگا بەلام ئەوەمان لەپێش چاوبێ كە چەند ملیۆن دۆلارێك خەرج بكرێت باشترە لەكاتی ئێستادا, نەك لەوەی لەداهاتوودا بلاوبەنەوەكەی فراوانتربێت و بەسەدان ملیۆن دولار چارەسەر نەكرێت و كۆمەڵگە بەئاقارێكی مەترسیداردا ببات. ئەوەی لەكۆتایدا پێویستە ئاماژەی پێبكەم ئەوەیە كەدابین كردنی هەلی كار بۆگەنجان بەشێكە لەهەڵمەتی پێش گرتن لەبلاوبونەوەی ئەومادانە. چونكە زۆرجار بێكاری دەبێتە هۆی ئەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی ڕیگای هەلە هەڵبژێرن كەهەم خۆیان و هەم كۆمەڵگە توشی گرفت بكەن, مادەهۆشبەرەكانیش بەتایبەتی لەو ولاتانە بلاو دەبێتەوە كەئاستی رۆشنبیری نزمەو ڕیژەی بێكاری زۆرە. بۆیە پێویستە هەمووومان بەڕاستی خەمێك بخۆین لەو تیرۆرە شاراوەو مەترسیدارە.

Haval_zagros@yahoo.com

لەژمارە 34 ستاندەر بلاو بۆتەوە